# بیانوەکانی مام جەلال بۆ سەربەخۆ نەبوونی کوردستان ، زەمەنێکە بنەمای واقعی خۆی لەدەست داوە
# پێکەوە ژیان لە ولاتێکی عەرەبی خەو وخەیالە

**سامان سعید**

23ی ژانیوی 2007

saman1970@yahoo.com

**بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی رەوا و ئازادیخوازی گەلی کورد بۆ رزگاربوون لە ژێردەستەیی و ستەمی میللی، هەول دراوە لە دەروونی تاکی کورددا تۆوی ناباوەری بچێنن سەبارەت بەوەی کە بیرکردنەوە و هەولدان بۆ کارێکی لەوجۆرە، سەرئەنجامەکەی شکست و نسکۆیە، گوایە سەربەخۆی کوردستان خەونە و لە دنیای واقعی دا ئەو خەوە نایەتە بوون، بلاوکردنەوەی ئەم بیروو بۆچوونە ئەگەرچی لە لایەن حکومەتەکانی سەرکوتکەری سەر خەلکی کوردستان بانگەشەی بۆ کراوە و هەولی رەواج دانی دراوە، بەلام بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردیش بۆ خۆی زۆر جار دەزگایەکی گەورەو میدیایەکی فراوانی هەولدان بۆ جیگیر کردنی ئەم بیرو بۆچونە ناکۆک ونادروستە بووە ، بەتایبەت سەرکردایەتی هیزە کوردستانیەکان لە دەورانی گفتوگۆکانیان لەگەل رژێمەکانی عێراق ، تورکیا وئێران وسوریا و لە وەختی لاوازبوونیاندا مەودای بلاوکردنەوەی تۆوی ناباوەریان بە سەربەخۆی کوردستان زیاد کردووە،لەبەرامبەردا بانگەشەیان بۆ پینەوپەرۆی لامەرکەزی و حوکمی زاتی و فیدرالی و کۆنفیدرالی کردووە.**

**دیارە لێدوانی ناجۆر و ناکۆک لەگەل خۆاستی بزووتنەوەی رەوای خەلکی کوردستان کە زۆرجار مام جەلال باسی دەکات شتێک نی یە تازەبێت، ئەگەر مێژووی ژیان و هەلسوران و سەرکردەبوونی ئەو بنوسرێتەوە بەشێکی زۆری تەرخان دەکرێت بۆ ئەو دیاریانەی مام بە بیرەتەسکە شۆفینی یەکانی عەرەب و تورک وفارسی داوە، بەلام جێی سەرسورمان ئەم جارە لەوەوەیە کە ووتەکانی مام جەلال کە لەم رۆژانەدا دەلیت (سەربەخۆیی خەونیکە نەیاتە دی)بیانوەکەشی (جۆرو پێکهاتەی کۆمەلگای کوردستان باری جۆگرافیای کوردستان)، زەمەنەکەی بەسەرچووە، وئەمرۆ بۆ خۆی کوردستان ماوەی 16 سالە لە عێراق دابراوە و زەمینەی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان ودامەزراندنی دەولەتی کوردستان و رزگاربوون لە دەسەلاتداریتی نەتەوەپەرست و فاشستی عەرەب بەدەرەجەیەکی گەورە ئامادەیە و فرسەتی جیبەجی کردنی فەراهەم بووە کە تاوانە لە دەرفەتێکی مێژووی بەم جۆرەدا هەر سەرکردەیەکی هیزێکی کوردی لێدوانی لەو جۆرە بدات.**

**ئەگەر پێشتر بیانوەکان رێگریەکانی تورکیا،ئێراق وسوریا زلهێزەکانی دنیا بووبێت و سەردەمێکی زۆر وتا ئەمرۆش بەیت و بالۆرەی باو بووبێت، بەلام مام جەلال ئەم جارە بووە بە بلندگۆی هەمان ئەو بەیت و بالورە باوە لە ژێر پەردەی پیکهاتە وجوگرافیای کوردستان دیارە بە پێی ووتەکانی مام بێت گەلی کوردستان بەپێی جێگای جوگرافی کوردستان هەتا هەتایە دەبیت قبولی ژیردەسەی و سەرکوت کردن بکەن و بیرکردنەوە لە سەربەخۆی کوردستان بە فەرامۆشی بسپێرن.**

**لەراستی دا ئازادی ودیموکراتی،مافەکانی مرۆڤ وپیکەوە ژیانی ئازادانە لە عێراق دا لە رووی واقعی یەوە و بە دلنیایەوە تەنانەت خەویش نیە و پروپاگەندەیە. ئەگەر خەو ببینن رەنگدانەوەی واقعی ژیان و کار وقسەوباسی رۆژانە بێت ئەوا ئێستا لەم سەر تا ئەوسەری دنیا قسە لەسەر لێکترازانی عێراق دەکرێت ، ئەو هێزانەش کە بەشوین یەکپارچەیی خاکی عێراقەوەن خوشخەیالی یەک پارچەیی نین بەلکو نیگەران و بێ تاقەتی لێکهەلوەشاندنەوەی عێراقن بۆیە بەدروستی ئەوانە خەو دەبینن و خەونەکانیشیان فلیمی لێکترازانی عێراق و شکاندنی دەرگای نیشتمانی عەرەبی و شکستی زیاتری بیری سەرکوت و فراوانخوازی ناسیونالیزمی عەرەبی یە و ئەمەش لە گەل خۆی دا شکستی دەولەتە سەرکوتگەرەکانی تری تورکیا و ئێران و سوریای بە شوێنەوە دەبێت.**

**ئەگەر مام جەلال لە کارو مەسئولیەتێک کە لە پینەکردنەوەی عێراقی عەرەبی هەیەتی دەبێتە قسەکەرێکی بەو جۆرە، خۆشبەختانە ئەمرۆ لە کوردستان کریارانی ئەم جۆرە بیروبۆچونانە هێجگار کەمن و گوێ ی خەلکی کوردستان لەئاست لیدوانی لەو جۆرە کەرِ وکاسەو بزووتنەوەی سەربەخۆی کوردستان لە هەرکات بەتوان وبەرفراوانترە.**

---

**تیبینی / بۆ بینینی وتەکانی مام جەلال سەیری ئەم لینکە بکەن :** http://www.sotaliraq.com/iraq-news.php?id=43487